# سڵاو لە حائیری کە خوێنی بەعسی حەڵاڵ کرد

حەمەسەعید حەسەن

من بۆیە دڵم بە جەنگی ئەمریکا دژی بەعس زۆر خۆش بوو، وای بۆ دەچووم هەر کە جەنگ دەستی پێ کرد، شیرازەی عێراق تێک دەچێت، بەعس کۆنترۆڵ لە دەست دەدات، ڕابوون سەرهەڵ دەدات و ڕاپەڕیوانی باشووری عێراق تۆڵەی قوربانییە لە ژمارە نەهاتووەکانیان و تەمەنی لە سایەی بەعسدا لەکیسچوویان، لە بەعسییەکان دەکەنەوە و یەک یەک بە سزای ڕەوای خۆیانیان دەگەیەنن.
ڕابوون لەبەر هەندێک هۆکار سەری هەڵنەدا، کە بە لای منەوە گرنگترینیان ئەوە بوو، بەعس لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ دا، هێندە دڕندانە دەستی لە خەڵکی باشوور وەشاندبوو، وای تۆقاندبوون، نائومێدی کردبوون و لە کنیان هەرەسی ڕژێمی سەددام، کەوتبووە خانەی مەحاڵەوە.
شیعە دوو مەرجەعی باڵایان هەیە، حائری و سیستانی، کە ئەمیان لە قوم و ئەویان لە نەجەف دادەنیشێت. ماڵی ئاوا حائری لە قومەوە، لە ١٠/٦/٢٠٠٣ دا، فەتوای کوشتنی بەعسییەکانی، (بێجگە لەوانەیان کە لە پێناوی بژێویدا بە بەعسەوە پەیوەست بوون و بەشداری هیچ تاوانێکیان نەکردووە،) داوە و خوێنی حەڵاڵ کردوون.
من لە ژیانمدا نە کەسم کوشتووە، نە کەسم بە کوشت داوە، نە کەسم گرتووە، نە کەسم بە گرت داوە. کە بە منداڵی چۆلەکەم کوشتووە، بە گەورەیی تووشی ژانی ویژدان بووم. من گەرچی مشک و مێشوولەی لێ بترازێت، لەگەڵ کوشتنی هیچ زیندەوەرێکی دیکەدا نیم، وەلێ لایەنی ئەو فەتوایەی حائیری دەگرم و دەستخۆشی لێ دەکەم و هیوادارم شیعە پێڕەوی بکەن و عێراق لە بەعسی خاوێن بکەنەوە.
من خوازیارم لە عێراقی داهاتوودا، سزای لە سێدارەدان هەڵبگیرێت و ئینسان باڵاترین سەرمایە بێت و بچووکترین مافی پێشێل نەکرێت، وەلێ پاش قەلاچۆکردنی بەعسییە تاوانکارەکان، ئەوانەی دەستیان بە خوێنی بەشێک لە خەڵکی عێراق سوور بووە و ژیانیان لە بەشەکەی دیکەشی تاڵ کردووە.
بە لای حائیرییەوە بەعسی دوو جۆرن، تاوانکار و بێ تاوان، لای من هیچ بەعسییەک بێ تاوان نییە و ئاواتەخوازم ئەو بەعسییانەشی کە ڕاستەخۆ بەشداریی کوشتنی کەسیان نەکردووە، بە پێی تاوانەکانی دیکەیان سزا بدرێن، ئاخر بەعسی ئەگەر کەسیشی نەکوشتبێت، ئەوا خەڵکی بە گرت و بە کوشت داوە.
من کە کوشتنی دڕندەش بە تاوان دەزانم، بەعسی کوشتن بە کارێکی ئینسانی دەبینم. شەڕی نێوخۆی کوردستان، شەڕێکی ناڕەوا بوو، شەڕێک بوو هیچ لایەک تێیدا لەسەر هەق نەبوو. شەڕی نێوخۆی عێراق، شەڕی خەڵکی عێراق دژی بەعس، ڕەواترین شەڕ و پیرۆزترین خەبات و مرۆڤدۆستانەترین چالاکییە.
ئەو فەتوایەی حائیری لایەنێکی گەشی دیکەشی تێدایە، چونکە دەستتێوەردانێکی ڕاستەوخۆی گەورەی ئێرانە لە ئیشوکاری نێوخۆی عێراقدا، بە هیوام ئەمریکا هێندە تووڕە بکات، تا ئەو ئاستەی بوش بڕیاری داگیرکردنی ئێرانیش بدات، ئەگەرنا جێی داخە هیچ دەلاقەیەکی دیکە شک نابەم، تیرۆژی مژدەی ئازادبوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لێوە بێتە نێو ژوورە تاریکەکەمەوە.

2003. 06. 13